# شەریعەت لەنێـــــوان ئاینو سیاسەتدا

ن: شاكر نابولسی

و: كۆژین شێخ وەلی

١

لە مانگی رەمەزانو بۆنە ئاینیەكانی هەموو ساڵێكدا، زۆرێكمان لە مەلاو زانای ئاینی موسلمان لەڕوپێوی تەلەفیزۆنەكاندا بەرچاو دەكەوێت، كەدەكەونە هەڵڕشتنی جۆرەها قسەی سواوی چەند جار دوو بارە كراوەی، ئەوتۆ كە هیچ نوێكارییەكی پێوە دیار نییەو ئێمە بەو جۆرە قسە هەڵڕێژاوانە دەڵێن:جواوی مێژووی‌و جوینەوەی كەلەپوری ئاینی‌و كۆمەلایەتی، بەبێ ئەوەی ئەوجۆرە جوینانە، راڤەیەكی ئەرێنی گونجاو و شیاوی بۆ رواداوە مێژوییەكان تێدابێتو هەر هیچ نەبێت، ئاماژە، یان سەیری ناوەرۆكی ئەو رواداوە یان كردبێت.



لەم ماوانەی دوایشدا، كۆمەڵێك لاوی خوێن گەرمی ئامادەكراو بۆ بانگەواز پەیدا كراونو خراونەتەگەڕ بەتایبەت لە میسر، ئەركو پەیامی سەرەكییان گریاندنی ئامادەبوانی ئەو كۆڕوكۆمەلانەیەو پێڕاگەیاندن، كە زۆر تاوانبارنو گوناهكارو تاوانی وەهایان ئەنجامداوە، كە لەتوانای كەژوكێو و چیاسەرسەختەكاندا نییە، قورسایی ئەو تاوانانە هەڵبگرێتو پێویستە داوای لێبوردن بكەنو تۆبە بكەنو زۆر بەكوڵ بگرین، لەسەر ئەو تاوانو گوناهانەی ئەنجامیانداوە بە دڵنیانییەوە، ئەو جۆرە بانگەوازانە دەبنە هۆی ئەوەی لاوەكان دوربخاتەوە، لە كۆششو داهینانو دروستكردنی بەرهەمی نوێو فڕیان دەداتە ناو زەلكاوە بۆگەنەكانی بێ هیوایی‌و دابڕاندنو متمانەبە خۆ نەكردنو ملدان بەتێشكان.

خۆدیاریشە ئەم جۆرە شەپۆلانە قورغو تایبەت نییە بەنیشتمانی عەرەبو ولاتە ئیسلامییەكانەوە، بەڵكو جولەكەو فەلەش بێبەشنین لەم دەردە سامناكە.ئەگەر بۆ نمونە سەیری ئەمەریكا بكەین، دەبینین هەندێ لەپیاوە ئاینییە ملیۆنەرەكان، لە پشتی ئەو جۆرە بازرگانیەوەن بە ئاینو هەندێ دەقە ئاینیەكانیش بەكار دەهێنن بۆ چاككردنەوەی ئەو نەخۆشییانەی كە بەرێگەی زانستی پزیشكی چارە سەریان بۆ نەدۆزراوەتەوەو بنكەو بارەگاو ماڵو حاڵی پیاوە ئاینیەكان، كراونەتە عیادەی چارەسەری نەخۆشی، لەجیاتی عیادەی پزیشكی پزیشكە هەرە ناودارەكانی دونیا.

٢

لەجیهانی عەرەبیدا پەیمانگا ئاینیەکان وەك جاران، هەڵناسن بەدەرچواندنی زاناو شەریعەت مەداری وەك (جمال الدین الافغانیو محمەد عبدەو تاهیری حدادو تاهری عاشور مەحمەد قازلو عەلی مستەفاو عەبد الرزاقو ئەمین خولیو عائیشەو عەبدالرحمان) زۆری تریش بێجگە لەوانە. هەڵبەت هۆکاری ئەوەش زۆر رونو ئاشکرایە، کەبریتیە لە گۆڕینی بەرنامە ئاینیەکانو کردنیان بە بەرنامەی ئاینی توندڕەوە مۆدێرنەکان، کە ئەمڕۆ لەپەیمانگاکاندا زۆر بەچڕوپڕی دەوترێتەوە، بەشێوەیەك وەك ئەوخواردەمەنیانەیان لێهاتووە، کەمنالاَن پێ گەشەدەکەنو پێدەگەن، واتە وەك چۆن فێردەکرێن هەر ئاوەهاش فێردەبین.

٣

ئەمەو لە لایەکی تریشەوە، بەتایبەت شەریعەت مەدارە خلیجیو میسرییەکان هەستاون بە دەردەستکردنی کۆمەڵێکی زۆر لەبەڵقی گەورە گەورە لەفتوای ئاینی تایبەت، کە بێجگە لەخاوەن عەقڵە ناکامڵو رەشبینی رەشە خەڵکەکەو هەندێ خەڵکانی وابەستە بە ئاینیە شەعبیەکان، وەك سۆفییە شەعبییەکانی پابەند بەخورا فاتو نەریتی کۆنی بەمەنەبۆ، ماوەی پڕوپوچ کەسی پێناخەڵتێ کەمەبەستیش لێیان بریتیە لەم خالاَنەی خوارەوە

١-ئاشکرا کردنی رقوقینی دوژمنانەی لەرادەبەدەری دڕندانە، بەرانبەر رۆژ ئاواو بەها رۆشنبیریو رامیار ییەکانی.
٢-بەخەڵکی سەلماندن ئەوەی کە ئێمە پێویستمان بەو چەمکانەنییە کە لە رۆژئاواوە سەر هەڵدەدەنو ئیسلام –وەك دەڵێن ئەوەندەی پێیە، بەشی پێشو پاشی خۆشی دەکاتو ئیسلام خاوەنی ئەوچەمکانەیە کەمرۆڤو مرۆڤایەتی پیَویستی پێیەتی لەئیستەو داهاتوشداو توانای داڕشتنی هەمووجۆرە یاساو رێسایەکی لەهەمووکاتێکدا هەیە بۆ هەموو جۆرەکێشەیەك کەدێتە پێشەوە، وەك ئوسوڵییەکان نوقلانەی بۆ لێدەدەن.
٣-راکێشانی جەماوەری خەڵك بەدوای خۆیانداو ناوبانگ دەرکردنیانو خۆناساندنو دەرکەوتنیان وەك ئەستێرەی پڕشنگدار، لە ناو ئەستێرەکاندا بەوێنەی شێخ فەرکوسی جەزائیری کەخواردنی «زلوبیا»ی لەمانگی رەمەزانی رابوردودا حەرامکرد، کە بەوفەتوا عەنتیکەو سەرسوڕهێنەرەی ناوبانگی زیاتر لە »ئەلشاب خالدو ئەحمەد بن بەلا« دەر کردو شێخی میسری «عیزەت عەتییەی»سەرۆکی بەشی فەرمودە »الحدیپ«لە زانکۆی ئەزهەر فتوای شیردانی دایك بەگەورەی دەرکرد کە ئەمیش ناوبانگی زیاتر لە ئۆم کەلسومو عادل ئیمامو مەنسور فەهمی دەرکرد، هەروەها شێخی سعودی فۆزان،

ئەلفۆزان کەخۆپیشانداناو هەڵبژاردنی کە دوو ئامێرو کردەی دیموکراتین، حەرامکرد، بەوکارەی ناوبانگی لە جانجاك رۆسۆ و تۆم بین زیاتر دەرکرد. لەمانەش عەنتیکەو سەر سوڕهێنەرتر، ئەوەیە ساڵی 2006لەپێشەنگای کتێبی نێودەڵەتی لە قاهیرەی خاوەن زانکۆی ئەزهەر، چەند سیسیەك لە میزی حوشتری پاڵفتە، لە شوشەی بچوك بچوکدا دەفرۆشرا، بە نۆ جونەیهی میسری، کە لەبەرهەمە نایابو پوختەکانی کۆمپانیای وەبەرهینانی کۆمپانیای میسری عەرەبیو شانیشینی سعودییەن بۆ فرۆشتنی میزی حوشتر، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی سەرەتانو هەوکردنی جگەرو لەم دوایانەشدا بڕیاریاندا بەوەی، کەمیزی حوشتر رێگرە لە توشبوون بە هەلاَمەتی باڵندەو بەرازو هەموو ئەوپەتاو نەخۆشییانەی کەبەڕێگایی زانستی چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە. هەر هەموو ئەم داهێنانە زۆر گرنگانەو زۆرتریش خرانە بواری جێبەجێکردنەوە، لەجیاتی ئەوەی شەریعەت مەدارەکان خۆیان خەریك بکەن بەو کێشە گرنگانەی کەجیهانی عەرەبیو ئیسلامی هەژاندو و بەکێشەی سەردەم ناسراون وەك، کێشەی لیبراڵییەتو عەلمانییەتو جیهانگیریو نوێسازیو دەیانو بگرە هەزاران کێشەی سەردەمییانەی چەمك ئاڵۆز، لەم سەردەمە نوێیەداو هەوڵوکۆشش بۆ بەرزکردنەوەی رادەی توانای مرۆڤ، بۆ خۆڕاگریو بەرەنگاربوونەوەی هەموو دیاردەیەکی نامۆ و رێگر، لەبەردەم گەشەی فیکرو هزرو ژیانو پێشکەوتنیداو خستنەگەڕو دانانی عەقڵی مرۆڤ، لەپلەی یەکەمدا، بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە ئاڵۆزو بەسەرهاتو روداوە دەگمەنەکانو دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو و بەجێ، وەك خاوەن بیرە رۆشنەکانی ئەوروپایی پێی هەستان. بەلاَم ئەمان هەوڵیاندا ئەم چەمکانە لەئیسلام نزیك بکەنەوە، وەك گاورەکانی سەدەی نۆزدەو بیستو هەتا ئەمڕۆش. هەوڵیشیان نەداوە کارێکی وەها بکەن، ئیسلام جێگەی ئەم چەمکە نوێیانە بکاتەوە، لەبەرنامەکانیداوئیسلام نوێبکەنەوە لەبەر تیشکی ئەم چمکە نوییانەدا.

٤-خۆ پێژیاندنو بازرگانیکردن بەئاییینەوە. هەندێ لەشەریعەتمەدارانی ناوچەی خلیج، سالاَنە بەملیونەها پارە وەردەگرن، لەبەرانبەر پێشکەشکردنی بەرنامەی چەندجار دووبارە بووەوی رێكوپێكو ئامادەکراو لەرەمەزاندا، یان لەسەر چەسپاندنی بودجەو میزانییەی بانکە ئیسلامیەکانو مۆرکردنی ئەو چەسپاندنو لێ رازیبونە بەمۆرو واژوی شەریعەتی ئیسلامی، یان کارکردن لە بانگەوازی ئیسلامیدا، من بەش بەحاڵی خۆم، بۆم دەرکەوت کە هەندێ لەو بانگەوازکەرە ئیسلامییە لاوانە لەمیسر، تەنها بۆ شەوێکی ئەو بانگەوازە، یان سەد هەزار ریال وەردەگرن، کە ئەو بڕە پارەیە رێكوپێك بەقەدەر ئەوبڕەپارەیەیە کە گۆرانی بێژی سعودی تەلاڵ مەداح «گلال مداح» وەری دەگرێت.هەروەها زۆرێك لەو شەریعەتمەدارانە جۆرەها بەخشیشو دیاری

وەردەگرنو بایەخی تەندروستیو کۆمەلآیەتیشیان پارێزراوە، لە بۆنە ئاینییە جیاجیاکاندا، لەلایەن سەرمادارى دەوڵەمەندو رامیارییە خلیجییەکانەوە.

٥-کەڵكو سودوەرگرتن لەدین بۆ وەدەستهێنانی دەسەلآتی رامیاری. زۆر جارو بەتایبەت لە ساڵی 1990داو پاش کێشەی کەنداو و عێراقو کویت، زۆرێك لە شەریعەتمەدارەکانی کەنداو و زانکۆی ئەزهەر لەمیسر، ئەوانەی بونەتە ئەستێرەی سیاسەتمەداری عەرەبی، پاش کارەساتەکەی سیبتمبەر 2001و دەرکەوتنی کۆمەلآنی ئیسلامی چەکدار، شەریعەتمەدارەی ئاینی، زیاتر لەروانگەی رامیارییەوە لەوکاتەوەی کەدەستیان کرد بە فتوای حەرامکردنی روبەروبونەوەو جەنگین، یان روبەرونەبونەوەو نەجەنگین لەگەڵ ئەو هێزە بیانییانەی کە لەعێراقو ئەفغانستان جێگیربوون.

شێخ جمال ئەلبننا لە ساڵی 2003دا سەبارەت بەر هەڵستیکردنی هێزە بیانیەکان، کە هاتبون بۆ رزگارکردنی میللەتی عێراق لەدەستی زوڵمو دیکتاتۆرییەت، وتی: کافرێکی داد پەروەر چاکترە لە موسوڵمانێکی ستەمکارو پێویستە گرنگی زیاتر بەلایەنە دادوەرییەکە بدرێت، لەلایەنە بەرواڵەت دیندارییەکە لەهەلومەرجێکیوەهادا. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا جەمال ئەلبننا لەو شەریعەتمەدارانە نییە، کە لە ئەزهەر خوێندبێتیو هەڵگری بڕوانامەی ئەوێ بێت، بەلآم لەشەریعەتمەدارە رۆشن فکرەکانە.

بەلآم شێخی ئەزهەر، یوسف قەرزاوی روبەڕووبونەوەی لەگەڵ هێزە بیانییە رزکارکەرەکان، بەلاوە حەڵالو پەسەندەو داواش لەخەڵکوجەنگاوەرو خەباتگێڕە ئیسلامییەکانی دنییا دەکات، بەپەرۆشەوە بچن بۆ بەرەنگاری هێزی بیانیو هاوپەیمانەکان لەعێراق، بەبێ گوێدانە هۆکاری هاتنی ئەو هێزە بیانییانەو ئەرکەکانیانو ئامانجەکانیان.

زۆرێك لەو شەریعەتمەدارانەی کەنداو و بەتایبەتیش سعودیە، شوێنی ئەوفتوایەی قەرزاوی کەوتن، ئەوەبوو لەئەنجامی ئەوفتوایەی قەرزاوی، دەزگای ئاسایشی سعودییە، ناوی تۆقاندنی هاندەر «الارهاب المحرچ» یان لێناو کردنیان بەسێ بەشەوە:

١- تۆقاندنی کوشندە، ئەم تۆقاندنە ئەوەیە کەکەسە ئامادەکراوەکان، بۆ خۆ تەقاندنەوە پێی هەڵدەسن.

٢- تۆقاندنی هاندەر، ئەم جۆرە تۆقاندنە ئەوەیە شەریعەتمەدارانی جوینەوە پێی هەڵدەستن.

٣- تۆ قاندنی جێگیروچەسپاو، ئەم جۆرە تۆ قاندنو ئیرهابە، سامناکترین جۆری تۆ قاندنە، چونکە هەندێك لە شەریعەتمەدارەکانو پەیام گێڕەکان، هەڵدەستن بەسەرپەرشتیو بەدواداچونی ئەوبڕیاری تۆقاندنەو کارامانە پشتگیری لێدەکەنو هانی کەسایەتییەکانیشی دەدەنو کۆمەڵێك فەرموودەی «الحدیپ» هەڵبەستراویش ئەخەنە خزمەتی ئەوکاری تۆقاندنەو فەرمودەکان دەخوێنن بەسەریانداو هانیان دەدەنو

پەلەشیان لێدەکەن، بۆ ئەو سەفەرە پیرۆزە بۆ گۆڕەپانی جیهاد، کەکراوە بەگۆڕەپانێکی شایستە بۆ ئەو جۆرە جیهادە لەزۆربەی ولاَتە عەرەبیەکاندا، لەسەرەتای سەدەی «21»بیستویەکەوە.

٤

وەنەبێت شتێکی زۆر نامۆ بێت، ئەگەر شەریعەتمەدارانی جوینەوە ببنە هۆو هۆکار ی ئەم روداوانە:

١- هەڵکشانو بەرزبونەوەی رێژەی بێکاری لەجیهانی عەرەبیدا، لەئەنجامی ئەوهەموو دەرچوانەی کۆلێژو پەیمانگا ئاینیەکان، کە هەموو ئەو دەرچوانە بواری دامەزراندنیان لەداموەزگاکانی دەوڵەتدا، بۆ نارەخسێت، هەرچەندە زۆربەی ئەو دەرچوانە، لە بوارەکانی تۆقاندنی هاندەرانەو تۆقاندنی جێگیرو چەسپاودا وەك باسمانکرد، شێتگیرانە کارە پێڕاسپێرداوەکانی خۆیان، چالاکانە ئەنجام دەدەنو موچەی باشیشی لەسەر وەردەگرن، لەلایـــەن هەندێ سەرمایەداری کۆمەڵەی دەزگای تۆقاندنو ئیرهابەوە، لەژێر ناوی کۆمەڵەی خێرخوازیدا.

٢- زیادبوونی رێژەی هەژارو هەژاری لەجیهانی عەرەبیدا، کە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ جەختکردنو پێداگرتن، لەسەرخوێندنی ئاینیو دەرچواندنی ژمارەیەکی زۆر لەشەریعەتمەدارو پیاوانی ئاینی، نەك هەوڵوکۆشش بۆ پێگەیاندنو ئامادەکردنی پسپۆڕو زانایانی بواری زانستە سروشتییەکان، کەپێش سەدەیەك لەمەوبەر پێی دەوترا زانستە نامۆو لاوەکییەکان، ئـــەو زانایانەی کەبەرهەم هێنەری پیشەسازیو داهێنانە نوێیەکانن.

بەدڵنیایەوە هەر ولاَتێك، ژمارەی زانا ئایینەکانی زیاتر بو لەژمارەی زانا پسپۆڕە سروشت ناسەکان – لـەسعودییە بە پیاوانی ئاینی دەگوترێت «علماْ» چونکە بەڕاستی لەو ولاَتەدا زانا ی تێدانیە، بێجگە لە پیاوانی ئاینی کە بەزانا ناوزەند دەکرێن –ئەو ولاَتە ولاَتێکی دواکەوتوی زۆر هەژارەو لەئاستی روبەڕووبونەوەی سەردەمی نوێدا خۆی پێڕاناگیرێت، بەتایبەت ئەوکاتەی پەردەی سامانی نەوتی لەسەرلا دەچێتو وای بەسەردێت ناچاری رۆژ ئاوا دەبێت، فێری بکات چۆن، دانەوێڵەکەی بچێنێت، چۆن جلەکانی خۆی بدروێت، چۆن نەخۆشییەکانی چارەسەربکات.

٣- زۆر بوونو تەشەنەکردنی رق لەیەکتری هەڵگرتنو بەدژەوەستانەوە لەگەڵ ئیسلام، دەرئەنجامی ئەو فتوا تاکەکسییە نابەجێو ئەحمەقییانەیە کەشەریعەتمەداری جوێن، دەری دەپەڕێنو بووەتە هۆی هەستانە سەرپێی رۆژ ئاواو رۆژ هەلاَت، بەرانبەر ئیسلامو ئیسلامەتیو ئەو فتوایانە بەگاڵتەجاڕیو کردەی نەفامانەی ئیسلام دەزانن،

واتێـدەگەن ئــەم فتوایانە لـەناخی ئیسلامەوە هەڵقولاَون، بانگەوازی ئیسلامەتیش هەر ئەوەیەو بۆ ئەوەیە.

٤- کار بەشێوەیەك لەکار ترازاوە، شەقامی عەرەبی بووەتە شەقامێکی دینیو هیچ بەگوێیاندا ناچێتو بـڕواش بـەکـەس ناکات، بێجگە لەو شەریعەتمەدارانەی بەو رەوتە چەواشەکارییە گوشیکردوون، ئەویش بەهۆی پاڵپشتی پارتـە دینـیو رامیارییەکانەوە، لەسەرو هەموشیانەوە پارتەکانی سەر بەئیخوان ئەلمسلمون «الاخوان المسلمون»، «حزب اللە»و «حەماس»و کۆمەڵێك گروپی تری وابەستە بەو رەوتە، بەتوندڕەو و میانڕەویشەوە، ئەو شەقامەی بەم شێوەیە هەڵخرێرابێ دەبێتە پاڵپشتو پشتیوانو دەبێتە چەکێکی زۆر کاریگەر، بەدەستی پارتە دینییەسیاسییەکانەوەو هـەرکات پێویستـی پـێیبوو، دەیخاتەگەڕ بۆ ئەو خواستو مەرامەی دەیەوێت، هەر کاتێکیش بزانێت هەلومەرج لەبارە بۆ خروشاندن بەدروشمێکی بریقەدار ئەیانڕانێت، ئەوە زۆر بەڕونی لەسەر شەقامی میسری دەردەکەوێت.

٥- زۆر بونی سوزانیو زیادەڕەوی بۆ سەر ئافرەت، لە بازاڕەکانی بازرگانیو فێرگەو فەرمانگەکاندا، دەرئەنجامی ئـەو توندوتیژیو زیاد رەوییە دینییەیە کە نێرومێ لەیەك هەڵەئاوێرێو لەیـەکیان جیـادەکاتەوە، هەر لەسـەرتـایی منداڵییەوە، بەو مانایەی ژن تاپۆیەکی قەدەغەکراوە »التابوهات المحرمە»و نابێت پیاو توخنی بـکەوێت، بــەرتەسککردنەوی کارکردن بەژنو هەروەها بەرتەسککردنەوەی شوکردنی شەرعیش دەگرێتەوە، هەر بۆئەو هەڵئاواردنە.زیادبونو زۆربوونی سۆزانی، خۆی لە داڕشتنی شوکردنی سەرپێی «الزواج المسیار»و بەشودانی گەشتوگوزاریو «الزواج الصگیاف»وبەشودانی بازرگانی «الزواج البزنس»و بەشودانی فرێند زۆر زۆری تریش، لەو بەشودانانەی کە هەندێ لە زانا ئوسوڵییەکان، یاسایان بۆ داڕشتووە دەبینییەوە. کە تەنها بەنیازی کەمکردنەوەی بێبەشبوون لەسێکس دایانڕشتووە، بۆ مسۆگەرکردنی رابواردنی سێکسی بۆ هەردوو رەگەز، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا گەوهەری سوزانییەتو بوار خۆشکردنە بۆ دەعارە.

لەگەڵ ئەمانەشدا شوو بریتیە لەپێکهێنانی خێزان، نەك تەنهاو تەنها رابواردنی سێکسی، ئەم شێوازە نوێو-کۆنە لەبەشودان، داهێنەرەکانی ئاشکرایان نەکرد، دوای زۆربوونی توندوتیژی نەبێت بەرانبەر بەئافرەت لەجیهانی عەرەبیدا ئەویـــش بەنیازی پەلامارو لاقەکردنی.

---

سەرچاوە: هاولاتی